کار بۆ ئەو داوایانە بکات، بۆیە داواکاران لێرەدا بکەر نین، پاسیڤ و لەکاردامێراون، لەبریی ئەوەی بیر لە مردن بکەنەوە، خواست بۆ مردوو هەڵدەڕژن، لە بریی ئەوەی هەوڵەندی بیرکردنەوەی دونیایی بەهێز بکەن، هەوڵەندی میتافیزیکی و بڵدەساتیی مرۆڤ تێدەکەنەوە.
ئەمانە هەندێك بوون لە دیوە نەبینراوەکانی پرسنامەکان، کەواتە ئای لە گەوجیی ئەوانەی حیسابی گەورە و ئومێدیی مەزنیان بە درۆژی و کورتی، یان گەرمی و ساردیی پرسنامەکان هەیە!

نەوەی مەلزەم ... کارا فاتیح

مەلزەم لە هەواڵتدا کورتکردنەوەی مانهەجی خوێندنە، چەکردنەوەی پێناسە و هاڤە و باسە دوورودرێژەکان و بەرتەسککردنەوەی شارحی بابەتەکانە لە چەند خاڵێکی هەڵپووکاودا، بەڵام جگەوتنی مەلزەم و بەردەستبوونی بۆ قورسییە لە پرسەی خوێندندا بۆ تایبەت لە زانکۆ و پەیمانگاکان، جارەك لە ئایدیەلۆژیا بەرهەم دەهێنێت، ئایدیەلۆژیا بە مانا مارکسییەکەی کە بریتییە لە هەشارییەکی هەڵە، ئەو نەویەیش بە هەی ئەم مەلزەمانەوە فڕ دەبن، دەبنە خاوەنی هەشارییەکی هەڵە، کە لێرەدا لە چەند خاڵێکدا هووندەکەمەوە:

1- مەلزەم، کورتکردنەوەیە، کورتکردنەوەی چی؟ هی کتێب، کتێبخانەی مانهەج... چ شتەك لە کورتکردنەوەی کتێبکان مترسیدارترە، کتێبخانەی مانهەج بۆ ئەوە نیین کورت بکرێنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەن بکرێنە دەروازە بۆ چوونە ناو کتێبخانە و پێگە ئەلکترۆنییەکانی کتێبەوە. کتێبخانەی مانهەج نابێت کورت بکرێنەوە، دەبێت هێگەی دوورودرێژ بۆ زانست و ئایدیاکانی ناوی بکەنەوە. مەلزەم، کە کتێبخانەکان کورت دەکاتەوە، هەموو هێگەکان کوَر دەکاتەوە، هێگەی چوونە کتێبخانە و پێگە ئەلکترۆنییەکانی کتێب بۆ یەکجاری قەپات دەکات.

2- کورتکردنەوە کە مەلزەم دەیکات، لە هەواڵتدا بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتنە، بەڵام ئاستییەکەی گوزارشتە لە بنبەستگەیشتنی

پرسی تێگەیشتن، کە شتەکان کورت دەکەینەوە، واتە وەک خۆیان تێیان ناگەیین، نامانەوێت گوێ بە هزر و بیرکردنەوەمان بدەین بەهای ئەم کتێبانەوە، بەڵکو ئەوان بە قیاسی مەشك و بیرکردنەوەی خەمان کورت دەکەینەوە، ئایدیاکان لە ناوەڕۆك دەخەین، تەنها فۆرمێکی دروستکراویان دەهێنەوە، جۆهەری زانستەکان دەکوژین، تەنها بە قاوغەکانیانەوە دەگیرسێنەوە، لەم نێودا ئەوەی مەلزەمە دەیکات تێگەیشتنێکی ساختەیە، یان بەیانکردنی تێنەگەیشتنە.

3- مەلزەمە کاری کتێب ناکات، بەڵکو کاری کتێب کەتاییی پێ دەهێنێت، ئەگەر لە هێی کتێبەوە جیهان بناسرێت، لە هێی مەلزەمەوە تەواو چاو لە بینینی جیهان دادەخرێت، ئەگەر لە هێگەی کتێبەوە فیکرمان لە پێناو گۆڕینی واقیع بگۆڕین، ئەوا بە هەی مەلزەمەوە فیکرمان لە پێناو هەشتنەوەی دەخی واقیع وەك خۆی جام دەکەین. ئەگەر کتێبەکان ئایدیا و زانست و فیکرەکانت بخەنە بەردەست، مەلزەمەکان، لاشەی ئەو ئایدیا و زانست و فیکرانەت پێ دەدەن، مەلزەمە جگرەوەی کتێب نیین، بەڵکو ئەتکەکەری کتێبن.

4- مەلزەمە واتە زیاتر سادەکردنەوەی تیەر و ئایدیاکانی خوێندن، بەڵام ئیشی سادەکردنەوە، کە زەر کەس بە باشی دەزانێت مەترسیدارە، سادەکردنەوە وای کردوە هووبڕکی زەر لەم جیهانە بە فەرامۆشکراوی و نەبینراوی بمێنێتەوە، سادەکردنەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە وێنەیەکی ساختە و درێژینەی ئەم جیهانە لە زەینی خەماندا دروست دەکەین و وا لە خەمان و ئەوانی تر دەگەیەنین جیهان هەر ئەمەیە، لەوێشەوە بە ئاسانی بەیار لە سەر زانست و دونیا دەدرێت، یەکەك دەڵێت قەومی کورد لە هەموو قەومێکی سەرزەمین عاقڵترە، یەکێکی دینییش دەڵێت، هەموو زانستی دونیا لە قورئاندا باس کراوە. سادەکردنەوە لە هێگەی مەلزەمە و هەر شتێکی تریەوە، واتە ناتەوە ئەو جیهانەی کە ئاڵۆزە، بیبینیت و دەیستەوە، ئەو زانست و تیەر و ئایدیایەی کە درککردن پێی ناوێرێ لە بەر چاوت لای دەبەی، هەموو ئەو شتانەی بە ئاسانی دەرك ناکرێن بەو شێوەیان لە دەکرێ، تا بە ئاسانی بچنە ژەر کەفی بەیار و بیرکردنەوە خەڵا و سادەکانەوە.

نەوەی ئازی بە مەلزەمە، نەوەی هەشیاریی ساختەیە، نەوەیەکە کرێکی زانست و تیەرکان نابینێت و تەنها دەی بە قاوغەکانی زانست و تیەر خۆش دەکات، نەوەیەکە لە جێی کرانەوە بەووی دونیادا، زیاتر خەی دادەخات و گۆشەگیر دەبێت.
نەوەی مەلزەمە... نەوەیەکی نەك بەئومێد، بگرە نەوەیەکی ئومێد پێ نەکراو.

ناوی کتێب: لە دوای ئینفالەوە نووسین: کارا فاتیح

دیزاینی بەرگ و ناوەرک: ئومێد محەمەد
قەبارە: ٣٧٦ لاپەڕەی نیوA4
ساڵی چاپ: ٢٠١٥
شوێنی چاپ: سلێمانی
چاپخانە: پیرەمەرد
لە بەاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان
پرۆژەی ٢٧یادی تاوانی ئینفال

لەبریی ڕانان
پێشکیی کتێبی لە دوای ئینفالەوە
نووسینی کارا فاتیح

پێشکیی کتێب بە زەر ئامانج و مەبەست دا نراوە و دەنووسرێت، هەندێ جار وەك پێویستییەکی نووسینی ئەکادیمی سەیری دەکرێت و بە دانانی، توێژینەوەکان بە نوقسان و بوونی کەلێنکی زانستیی تێیان دا دێنە هەژمار و هەندێ جاریش وەك خوو یان نەریتکی نووسین، نووسەران لە کتێب و نووسینی توێژینەوەکانیان دا، تەنانەت هەندێ جاریش لە دیوانی شیعر و ڕۆمان و چیرۆك... هتد، گرنگیی پێ دەدەن و دەینووسن.
لە پێشکی دا ناونیشانی کتێب یان توێژینەوە ڕوون و ورد دەکرێتەوە و پێشکیی کتێب دەبێتە ڕایەڵی نێوان ناونیشان و ناوەرۆك و، ئاماژە بە هەڵکاری هەڵبژاردنی ناونیشان دەکرێت، لێوەیشەوە وردەوردە هەڵکاری هەڵبژاردنی بابەت ئاشکرا دەکرێت و لە چەند خاڵك دا هەمای بە دەکرێت، گیروگرفت و کێسپی بەر دەم دەناسێنرێ و پاشان نووسەر لە گرنگیی باسکە دەدوێ و ئەو بوار و سنوورە دەست نیشان دەکات، کە وەك ڕووبەری کارکردن هەڵبژاردوە و هەڵباز و میتەدەکانی کارکردنیشی بە خوێنەرانی خۆی ئاشنا دەکات، پاشان پرسیار و گریمانەکانی توێژەر و هەندێ جاریش بە شێوەیکی سەرپێیی، مەبەست و هەوێی کارکردن لە بەش و پارچەکان دا دەخاتە بەر چاو،

ئەوجا هەواڵی بوونی ئامانجی کارەکەیمان لە کتایبی دا، پێ دەدا. ئەمانە بە شێوەیەکی گشتی ناسنامەی پێشکی بوون لە بواری ئەکادیمی دا و توێژران و ئەکادیمیستان لە بەر ئەم هۆیانە پێشکی بە گرینگ دەزانن، هەروەها لە کتێب و توێژینەوە ئەکادیمییەکانیشدا هەندە جار، هەمان ئەو ئامانج و مەبەستانە بە نووسینی پێشکی دەر دەکەونەوە و دیسان نووسەر بە شێوەیەکی مولتەزیم، بەو یاسا و بنەما یاسایانەوە پێوەست دەبێت، بەڵام هەموو جارێکیش وەها نییە و مەرجیش نییە وا بێت، هەندە نووسەر خۆیان لە نووسینی پێشکی لا دەدەن، یاخود لە نووسینی دا، پێیانوی لەو خاڵانە ناکەن و بە شێوەیەکی سەربەستانە ئەم بوارە بە کار دەهێنن، بە شێوەیەك لای هەندەکیان وەك سەاو و بنەڕەتی و دەروازەیەکە بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ خوێنەر و کردنی بە ئەقڵیەك لە نەوان خوێنەر و ناوەرۆکی کتێبەکە.

درێژکردنەوەی ئەم سەرەتایە لەوە زیاتر بە پێویست نازانم و، دوای ئەم بەهانانە بە پێویستبوونی پێشکی، لێرە دا دەمەوێت زوو بگەمە مەبەستی خۆم، واتە ئەم سەرەتای پێشکییە تەنها بەهانەیەکە بە ئەوەی، کە ئاشکرا بێت من چیم لەم پێشکییەی خۆم دەوێت. پێش هەموو شتێك دەگەڵینەوە بە ناونیشان (لە دوای ئەنفالەوە) دواتریش کە دێین بە پێستی بابەتەکان، کە بە سێ بەش پێلێن کراون و لە لەکەڵینەوە و وتار و گفتوگۆ پێك هاتوون، ئەوەی دەیبینین جگە لەکەڵینەوەیێك بە ناوی (ئەنفال و بەکارهێنانەکانی) ناونیشانی هیچ بابەت (لەکەڵینەوە، وتار، گفتوگۆ) یەکی تری تێدا نییە ئاماژە بێت بە ئەنفال و باس لە ئەنفال بکات.

وەك تێبینیی ناونیشانی زۆربەی ئەو کتێبەکانە دەکەین کە بەم شێوەیە پێلێن کراون، بە زۆری لە دوو حاڵەت بە دەر نیین، ئەویش یان ناوەرۆکی هەموو بابەتی تەکەای بەشەکان دەچنە ژێر چەتری ئەو ناونیشانەی کتێبەکەوە، یاخود تەنها یەکێك لە بابەتەکان وەك دەخوازی نووسەر و وەك ئەوەی ڕێنگە لە ڕووی ئیستاتیکی و سەرنجڕاکێشی و هۆزی گەیاندنی بە خوێنەر لە ناونیشانی بابەتەکانی تر پەسەندتر بن، بۆیە لە ناونیشانی بابەتەکەوە هەڵدەکشێن و بەرز دەکرێنەوە و دەکرێنە ناونیشانی کتێبەکە، لە کاتێك دا ڕێنگە ناوەڕۆکی بابەتەکانی تری کتێبەکە، هیچ پێوەندییەکان بەم ناونیشانیشەوە نەبێت.

وەك بە ڕواڵەت دەبینین، ناونیشانی ئەم کتێبە (لە دوای ئەنفالەوە) هیچ یەك لەم دوو تایبەتمەندییەی تێدا نییە، واتە نە هەموو بابەتەکان دەچنە ژێر سایەی ئەم ناونیشانەوە و هەڵگری ڕوون و ئاشکرا پێیانەوە دەبەستێتەوە، نە ئەو ناونیشانە خۆیشی بریتییە

لە ناونیشانی یەکەك لە بابەتەکان، بەڵام لە ڕاستی دا من وەهای نابینم و پێم وا نییە بابەتەکان هیچ پێوەندییەکان بە ناونیشانی کتێبەکەوە نەبێت، بۆ تایبەت کاتێك ناونیشانی کتێبێك بریتی بێت لە ئەنفال، بۆ مەرجی نازانم ناوەڕۆکی بابەتەکان بۆ شۆیەکی ڕاستەوخۆ، باس لە کارەساتی ئەنفال بکەن و، لە ناو ئەو هەواوە دا بۆن و بچن و هەوە بدەن مێژووکەی بنووسنەوە، یاخود باس لە کاریگەریی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری … هتد، ی بکرێت و لە ڕوانگەی زمانی و ئەخلاقی و یاسایی و سیاسی و… هتد، ـەوە بخوێنرێتەوە و شی بکرێتەوە و بکرێت بە کەرەستەی توێژینەوە و کارکردن و گفتوگۆ، چونکە (دەکرێت دێڕەها تێکست بنووسرێت و ناوی ئەنفالیشی بخرێتە سەر، بەڵام لە ڕاستی دا هیچ یەك لەو تێکستانە جگە لە پێوەندییەکی هاوکار و سادە لەگەڵ ئەنفال دا، هیچی دیکەیان نەبێت، بەڵام دەکرێت تێکستێك بنووسرێت بە ئەوەی باس لە ئەنفال بکات توانای دەرخستنەوەی کاریگەریی ئەنفالی هەبێت، لە سەر ژیان و جیهانبینیمان.) مەرج نییە ئەرکی نووسین، لە هەمبەر ئەنفال دا تەنها ڕاوەستان و و چەقین بێت لە ناو هێواوەکە دا، چونکە کارەکی وەها مەرج نییە هەمیشە خزمەت بەو دەزە بکات و، گوزارشت بێت لە هەستکردن بە لەپرسراوەتی و ئاسوودەیی ویژدان.

بە دەنیاییەوە کارەساتی ئەنفال هێندە تراژیدییە، زەحمەتە زمان بتوانێت بە ئاسانی تەعبیری لە بکات، یان لە ڕاستی دا زەحمەت هەزی ئەو تەعبیرە لای زمان بێت، بەڵێ پەیستە زمان لە ئاست گەورەیی ئەم کارەساتە دا، واز لەو وەهمە بهێنێت، کە بە کەرەستەکانی خۆی هەر دەبێت لە ناو چەقی ئەم هێواوە دا بێت ئینجا دەتوانێت، لەپرسراوەتیی خۆی بەرامبەر بە ئەنفال بسەلمێنێت، چونکە لە دوای ئەنفالەوە، ئەرکی ئەخلاقی و هەستی لەپرسراوەتیی گەورە ئەوەیە، جارێکی تر و بە چەشنێکی تر ژیان ببینین و دید و هوانین و جیهانبینیمان بە سەرجەم کەشکان بە جارێکی تریان لە بێت و لە دوای ئەنفالەوە زمان ئەو ئەرکە بە خۆی بدات، کە جیاواز بێت لەو ئەرکەی پێش ئەنفال هەیبوە، بۆیە لەو بابەتانەی ئەم کتێبە (لەکەینەوە، وتار، گفتوگۆ) دا، کە لە سەر ئەنفال نانووسراون و بە هیچ شێوەیەك ناوی ئەنفالیان تێدا نەهێناوە، مەرج نییە خاڵی بن لە هەستی لەپرسراوەتیی بەرامبەر ئەنفال، چونکە پێمان وایە مەرج نییە زمان ڕاستەوخۆ لەو کارەساتە بدوێ، بەڵکو زمان لە ژێر کاریگەریی ئەنفال دا، جەوهەر و ئەرك و ئاراستەی تر وەر دەگرێت و بە قسەکردن و توێژینەوە لە چەندین پرس و قەیران و گرفتی تری بە نموونە وەك پرسگەلی (ژن، گەنج، کێچ، ڕەشنبیری، ڕۆژنامەگەری، کتێب

خوێندنەوە، دیموکراسی… هتد) زمان کاریگەریی ئەنفالی بە سەرەوە بێت، ئەرکی ئەخلاقی و هەستی لەپرسراوێتیی بە جێ گەیاندبێت، بۆیە وا هەست دەکەم، لە هەموو ئەو بابەتانەی باسی ئەنفال ناکەن، ئەگەر جیدیبوون و مەرالی نووسین و هەستی لەپرسراوێتییان تێدا بێت، ئەوا کاریگەریی ئەنفالیان بە سەرەوەیە، کاریگەرییەك کە وا دەکات، یان توانای ئەوەی هەیە، زمانی تەعبیر لە ئاست هەموو گۆشەیەکی ژیان دا دروست بکرێتەوە و سەر لە نوێ مرۆڤ بە دیدێکی تر و تەماشای شتەکان بکات.

بابەتەکان (لێکۆڵینەوە، وتار، گفتوگۆ) کەکراوەی ئەو بابەتانەن، کە لە (15) ساڵی ڕابردوو دا (1999-2013) نووسراون و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کوردستانی باشوور بڵاو کراونەتەوە، کردنیان بە کتێب لە ڕاستی دا لەو بڕوایەوە، کە مەرج نییە ئەو بابەتەی ڕۆژە لە ڕۆژان بە گۆڤارەك یان ڕۆژنامەیەك دەنووسرێت، ئیتر مانای ڕاستەقینەی ئەو ڕۆژنامە یان گۆڤارە بێت و، بە کتێب نەگوزرێتەوە، ڕاستە زۆر بابەت بە هەتاهەتایە پێویست دەکات هەر لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بمێننەوە و نەکرێن بە کتێب، بە تایبەت ئەوانەیان کە هێز و تەمەنیان تەنها لە خوێندنەوە و کارکردن لە سەر بابەتێکی ڕۆژ، ئەو زمانەی پێی دەدوێن، تەنها زمانی ئەو ڕۆژە بێت و ئیتر بەکەڵك نەیات، بەڵام پێمان وایە، ئەو بابەتانەی ئەڕێ تەنها دەرفەتی چاو هەڵهێنانیان لە ڕۆژنامە یان گۆڤار دا بوو، ئەگینا لە ڕاستی دا قسەکردن نەبوون لە سەر پرس و گرفتی هەنووکەیی ڕۆژ و خەڵگەڕ لەو بابەتانەیشیان تێدا بێت، ئەوا ئەو کەرەستەی تێگەیشتن و دونیابینی و شیکارییەیان تێدا دەبینین، کە بە سەردەم و کات و کۆشە و گرفتی تر دەست بدەن. پاشان کردنیان بە کتێب لەڕە دا، لەو گۆشەنیگایەوەیە، کە هەر لە بنەڕەت دا ڕۆحی کتێب و سیمای کتێب بە بابەتەکانەوە هەیە و دیارە، ئەگەرچی هەندێکیان وتاری کورتیشن، چونکە هەندە جار وشە و دەربڕین لە وتاری کورتیش دا، سیحری خەیان لە دەست نادەن و، دەکرێت هەزی مانەویان وەك ئەوانی تر بێت، هەرگیزیش پێمان وا نییە دەخی ڕۆژنامەنووسی لەڕە دا بە سەر ڕۆشنبیریی کتێب نووسینەوە دیار بێت، یاخود کتێب پاشکۆی ڕۆژنامەگەرێتی بێت.
لەڕەیشدا بە کورتی بە سەر یەکەیەکەی ئەو بابەتانە دا دەچین، کە لە چوارچێوەی (لێکۆڵینەوە، یان وتار، یان گفتوگۆ) دا کار مان لە سەر کردوون.
لەو بابەتە دا کە لە سەر ئەنفال نووسراوە، لە ڕاستی دا باس لە ئەنفال خۆی ناکات، بەڵکو بە هۆی ڕەخنەگرتنەوە پەیوەندییەکی

مرۆڤدۆستی و ئاوەگۆ لەگەڵ کەمەڵك بەچوونی دیکە دا دەبەستە، تا لە ڕۆگای ئەم پەیوەندییەشەوە، دیدگاکان زیاتر و بەچوونکان قووڵتربن لە سەر کارەساتی ئەنفال، کارەساتك بە تۆگەیشتنی قووڵی، دەشێت بە سەرجەم پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیی خەڵکان دا بچێنەوە و ئێستا و پاشەڕۆژی خەڵکان بە جۆرێکی دیکە ببینین، تۆگەیشتنی قووڵیش لە کارەساتی ئەنفال بووە دەست پێ دەکات، کە بتوانین ئەنفال لە وشەیەکی ئاسان بکارهاتوو و سادەوە بکەین بە بابەت و کۆرستەیەکی فیکری و مەعریفی و هەموو میتۆدەکانی خوێندنەوە و ڕۆهەندەکانی بینینی بە بخەینە گەڕ.

لە لێکۆڵینەوەی (تێکستی پیرۆز و ترسی وەرگێڕان) هەوڵمان داوە هۆکارەکانی وەرنەگێڕان، یان ترس لە وەرگێڕانی تێکستی پیرۆزی لە زۆر سرووت و نۆریتی ئایینی دا بە سەر زمانی کوردی دەست نیشان بکەین و لەم پێناوەیش دا باس لەوە دەکەین، کە بۆچی تێکستی ئایینی، کاتێك بە کورد دەگات، هەر چەند کورد بە زمانی ئەو تێکستە ئایینییە قسە ناکات، کەچی هەر بە زمانی یەکەم کاری لەگەڵ دا دەکات و ئەو تێکستە ئایینییەیش هەر بە زمانی خۆی کار لە لایەنگر و هەوادارانی دەکات. لەم باسە دا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە بۆچی ماوەیەکی زۆر و بە درۆژایی چەندین سەدە، پرسەی وەرگێڕانی قورئان لای کورد ئەنجام نەدراوە، سەرەڕای وەرگێڕانی ئەم تێکستە پیرۆزە، بەڵام تا ئێستا هەموو مامەڵە و پەیوەندییەکی موسوڵمان لەگەڵ ئەم تێکستە دا، هەر بە زمانی یەکەم، خوێندنی قورئان لە هەموو بۆنە و مەراسیمە جۆراوجۆرەکان دا، هەر بە زمانی عەرەبییە و بانگ و نوێژ و شایەتومان و هەندە جۆر دووعا، بە هەمان شێوە هەر وەر نەگێڕاون و وەر ناگێڕن، لەمەیشەوە ئەوەی شوێنی جێختکردنەوەی زیاترە ئەوەیە، کە ئایا وەرگێڕانی تێکستی پیرۆز چۆنە؟ ئەم تێکستە پیرۆزە دوای وەرگێڕان چی بە سەر دێ و توانای وەرگێڕ لەم کارە دا چەندە و...هتد، هەروەها باس لەو دەخە دەروونییە دەکرێت، کە خوێندنەوەی قورئان بە زمانی یەکەم دروستی دەکا و لە زمانی دووەم دا، ئەو سیحرێی نامێنێت.

لە بابەتی (چەمك و شووناس) دا هەوڵمان داوە چەمکەکانی (بیر، بڕوون، باوەڕ، ئایین، مەزهەب، ئایدیۆلۆژیا) وەك چەمکگەلێك لە چەمکە ئاڵۆزەکان، لە ڕۆگای بەروارد و جیاکاری و جیاوازیی سەرهەدان لە نێوانیان دا، بکەوێنە شیکردنەوە و ناساندن و لێکدانەوەیان و، بە شووناسێك ئاگەر ناجیگیریش بێت، بگەین، چونکە وەك لەم باسە دا گوتوومانە (هەر یەك لەم چەمکانە، لە بەکارهێنان

و تێگەیشتنیان دا، زەحمەتە بۆ ئاسانی لە چوارچێوەی پێناسەیەکی دیاریکراو دا ئارام بگرن، یان ئەو چوارچێوانەی بۆیان دا دەنرێن، یان پێشنیار دەکرێن، مانزڵکی ئاستەقینە و بەخۆشی خۆیان بن.)
لە (ئاوارە بوونی عەقڵ) دا ویستوومانە خوێندنەوەیەك بۆ چەمکی سۆفیزم بکەین، لە بابەتی (بەرگرینامە) یشدا باس لە ڕەخنراوەك دەکەین، کاتێك وەك وەك پارچەکردار دروست دەکرێت، بۆ شێوەیەك کە جیاوازە لە دروستکردن وەك کردار، لەمەیشەوە کەمەڵك کار و چالاکیی ئەو جۆرە ڕەخنراوانەمان بەر ڕەخنە داوە.
لە وتاری (تراژیدیای ئامرە تەکنەلۆژییەکان) باس لە هۆشیاریی مرۆڤی کورد دەکەین لە بەکارهێنانی هەر یەکێك لە ئامرەکانی (کامێرا، ڕادیۆ، تۆسجیل، تەلەفزیۆن، ڤیدیۆ، ماشێن، سینەما، تەلەفۆن و سەتەلایت...هتد) و وەڵام بە پرسەکی وەها دەدینەوە، ئاخۆ ئەم ئامرانە لە ژینگەی تەندروستی خۆیان دا، چ کارێك دەکەن و داهێنرانی هەر یەك لەم ئامرانە، سەرەتا بۆ چ نیازێك و بۆ بەدەستهێنانی چۆن دەستکەوتێك ئەم ئامرانیان دا هێناوە. پاشان لە وتاری (ڕِەشنبیریی کوردی و کوشتنی بیرکردنەوە) دا بۆ شێوەیەکی تیژی باس لەو بەهەردانەی توانای ڕِەشنبیری دەکەین، لە پانتاییی نا پۆیست دا و خەلادان و نەبینینی ووبژی هەستیار و گرینگ و کە پۆیستیان بە بینین و خوێندنەوە و شیکردنەوە هەیە.

لە هەر یەك لە وتارەکانی (خوێنەران و ڕەژنامەکان، مردنی هەواڵکان، شووناسی ڕەژنامەنووس، فەستیقاڵکان) کە بە یادی ڕەژنامەگەریی کوردی نووسراون، باس لە پێوەندیی بە هەزی نێوان خوێنەران و ڕەژنامەکان دەکەین، لە بایخی هەواڵکان دەدوێین، کە پۆیستە بە کارەستەی نوێی شیکردنەوە و میتەدکی وردبینانەوە پاشخان و دەرئنجامەکانی ئەو هەوانە لەك بدرێنەوە و هەڵسەنگاندنایش تەعبیر لە هۆشیاریی خەمان و کاراکتەری فیکریی خەمان بکەن و بە زمانی ڕەژنامەگەریانە دەر ببڕن، گرینگیدان بە شیکردنەوەی سەرجەم لایەنە دیار و نادیارەکانی هەواڵکان بناغەیەکی پتەو بە داشتنی سیاسەتە دوور و نزیکەکانی خەیشمان و بایخکی زێری هەیە لە چارسەرکردنی ئەو کێشە و قەیرانانەی کە واقیعی سیاسی و کەمایەتی و ئابووری و... هتد، ی ئەمە بە دەستیانەوە گیرەدەیە. هەروەها باس لە شووناسی ڕاستقینەی ڕەژنامەنووس کراوە و، بە فەستیقاڵکانیش ئاماژە بە ئەوە کراوە، فەستیقاڵ میتەد و پرەنسیپ کارەستەی مەعریفیی خۆی هەیە و خۆی ئەرکەکە بە هیچ جۆرێك ناخرێتە شوێن و بری هیچ ئەرکەکی دیکە، کەچی لای ئەمە لەپێناو سەر لە نوێ

ئامادەکردنەوەی جیهانی فیکریی ئەو بابەتە و ئامان و قووبوونەوە و پرسیارکردن لێی نییە، بەڵکو هەڵکارێکە بۆ خۆنمایشکردن.

لە وتاری (وێنە و بۆ دادگاکردنی کۆمەڵگا) دا باس لەوە دەکەین کە چۆن بەعس دیاوەت لە ڕووگەی بەناوکردنەوەی وێنەی دیکتاتۆرەوە، وەتەك بکاتە دادگا، لەو دادگایە دا هەر ڕەفتارێك بە بچووتی ئەو و لە دیدی ئەوەوە شیاو نەبوو، ئەوا تاوانە و دواتریش تاوانبار دەبێت سزا بدرێت.
پاشان لە وتاری (چاودێرکردن لە نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆری دا) دا قسەمان لەسەر ئەو خاڵە جیاوازانە کردوە، لە دژگای چاودێریکردن لە نێوان هەر دوو سیستمی دیموکراسی و دیکتاتۆری دا هەن. دواتر لە ژێر ناوی (لە کوێوە دیموکراسی دەست پێ دەکات..؟) بەو شێوەیە بە وەڵامی ئەو پرسیارە گەڕاوین، کە دیموکراسی لەوەوە دەست پێ دەکات، پێوەندیی ناعەقڵانی و پڕاوێزیی تاك بە کۆمەڵەوە هەڵ بوشنرێتەوە و پێوەندییەکی عەقڵانی و سەربەخۆ بونیاد بنرێت، کە تاکەکی سەربەخۆی بە بڕها و بۆ ئیرادە و خاوەن چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی... هتد، لە دایك ببێت.

لە وتاری (کۆچی ئێم جارێ چییە؟) دا شێپەلی کۆچ و بەجێهێشتنی وەتمان بە بۆئومێدییەکی ترسناك لە ژیان بە هەموو مانایەك لە وەتە دا بەستوتەوە، بۆئومێدییەك کە تەنانەت کۆچڕان بە ئایندەیەکی دووریش هیچ تروسکەیەك لێم وەتە و دەسەڵاتدارانی ئێم وەتە بەدی نەکەن، بۆئومێدییەك کە خودی بۆئومێدیی لە وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی و بەکاریی ئەوروپایش لێم کۆچە ساردیان ناکاتەوە. (نەمزامی چۆن هەفتەیەك، مانگ، یان ساڵیك بە سەر ئەو شتە دا تێ پەڕی... باشە کوڵا شەممە هاتوە... فەان شت پێنج ساڵی بە سەر دا ڕۆیی و وام زانی دوێنێ بوو... نەمزانی ئەمسا چۆن ڕۆیی... هتد) ئەمانەیش ئەو پرسیارانن کە لە وتاری (تەمەن لە کوردستان) دا قسەمان لە سەر کردوون. ئینجا لە وتاری (خۆتای ئەوانە) دا، باس لەو دۆخە دەکەین، کە چ مەرەق و چ حکووەت و، یان هەر دامەزراوەیەکی تر بێت، کاتەك شکستەك دۆخەن، دەکەونە پاساو و بیانووهێنانەوە، لەم وتارە دا دەماناوێت بڵێین (ئێم لەژیکە، ئەوە دەگەیەنێت، ئەوانەی هەر خەریکی بیانووهێنانەوە، لە بناغەوە شایەنی لێپرسراوەتی نین و هەرگیزیش بە ئایندەی نزیك و دووریش بە تەما نین بە سەر ئەو شکستانە دا سەر بکەون، چونکە سەرەتای چارەکردنی هەر کێشەیەك، مەرجە دان بە هەڵە و ناتەواویەکان دا بنرێت...هتد)

لە گفتوگۆکان دا لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەندێك دا، ویستوومانە باس لە کتێب و کتێب خوێندنەوە بکەین و لە ڕێگەی کەسێك پرسیارەوە بۆ هەیبەتی کتێب، هەڵکشان و داکشانی کتێب، کەمبوونەوەیەی خوێنەر و پەیوەندیی بە بەهێزی و بە ئامانجی و بەهزریی نووسینی کوردی، یان دونیای تەکنیك و دیجیتاڵ و ئینتەرنێتەوە. هەروەها لە ئاستی کتێبی کوردی لە هووی تەکنیك و نەخشەسازی و هونەرکانی دەرهێنانی بەرگ و ناوەڕۆکی کتێب دەدوین، لەگەڵ گەڵان بە دوای ئەوەی، بۆچی کتێبی کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕۆژنامەوانیی کوردییەوە، بۆتایبەت لە هووی نەفسی نووسین و زمان و چوارچێوەی دەربڕینەوە، لەگەڵ گفتوگۆکردن لە سەر پرسی سانسەر و چەند لایەنێکی تر پەیوەست بە کتێب و کتێب خوێندنەوە.
هیوادارین سەرجەم بابەتەکان بە ڕوحی جیدی و هەستی لێپرسراوەتی و مەڕاڵی کارکردن لە ژێر کاریگەریی ئێنفال دا نووسرابن.

چەند سەرنجێك سەبارەت بە خێپیشاندان … کارا فاتیح

یەکەم: خێپیشاندانی مەدەنییانە یان نامەدەنییانە

بەو پێوەر و تێگەیشتنەی دەسەڵاتدار و دارودەستە و (ڕۆشنبیر!)انی چواردەوریان، بە مەدەنیەت و مەدەنیبوون هەیانە و وشکەیشان خستوەتە سەر زاری خەڵکی تر و کردوویانەتە دەمامکی کەستێتیێکی عاقڵ و ڕۆشنبیر و خاوەن ڕەفتاری شارستانییانە و دوور لە هەڵچوون و تونددوتیژی، هەشتا هەموو ڕەفتار و سیاسەت و پلان و هووبڕووبوونەوەکانی دەسەڵاتداران و یاسا و بنەماکانی فەرمانڕەوایان نامەدەنییانەیە، (بە گومان وەك گوتمانبە پێوەری خەیان بە مەدەنیەت، دەنا دەزانین ئەم بۆچوونە دەقیق نییە) لەوشەوە بە شەڕبوونەوەی بە ژیانی تاکەکان، لە ئاستی ڕۆژگرتن لە منداڵ، پیر، ژن، باندە، ئاژەڵ، زانست، زەوی، ئاو، کارەبا، هاتوچۆ و خاوێنی و هەموو مافێکی تاك و گشتی نوقمی ژیانێکی نامەدەنین، کەچی دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیرانی چواردەوری لە سەروەختی

خۆپیشاندان، داوای خۆپیشاندانی مەدەنییانە دەکەن، ئەم ئاوازەیشیان خستوەتە سەر زاری هەموو هەڤ بەناو ئۆپۆزسیۆن و خوێندەوار و بە ناو ڕۆشنبیرەکان و گەڕەکی خوارووی کەمەگایش بە ئاگا لەوی دەسەڵاتداران بە چ مەبەستێك ئەم ژەهرە بەناو دەکەنەوە، دەیەنێنەوە و دەیەنێنەوە و لە واقیعیشدا پراکتیکی دەکەن، کەسێك ناپرسێت، ئەی دەسەڵاتداران کە ژیان لە ژێر سایەی ئەودا هەموو چرکەیەکی نامەدەنی و تەنانەت وەحشیگەری بێت و هەرچی گیاندار و بە گیانە لە گەز و بەها خاڵی کرابنەوە، ئیتر بۆچی تەنها دەتانووت، خۆپیشاندان مەدەنی بێت، کە دیارە کاتێك دەگەن با خۆپیشاندان مەدەنییانە بێت، مەبەستیان ئەوەیە شتێك بە ناوی خۆپیشاندان بە هیچ مەترسییەك و تەنانەت بە هیچ وەڵامدانەوە و حسابکردنێك بە داواکاریی خۆپیشاندەران بڵێن بچێت و دەخی باڵادەست وەك خەی بمێنێتەوە، دەنا خە دیارە سەدان جار هیچ شتێکی وەك تەقەکردن و سوتاندن و توندوتیژی و پەلاماردانیش ووی نەداوە، بەڵام دەسەڵاتداران بەردەوامن لە هەڕاندن و تیرەر و ئەشکەنجە و تەقاندن و دەرکردن.
بەیە پەیستە لە ئاستی تیەری و پراکتیکدا هووبووی دەستواژەی خۆپیشاندانی مەدەنییانە ببینەوە و نەهێڵن و لە ژێر ئەم ماسکەدا تەنها ئومێد، کە خۆپیشاندانە لە بار ببرێت و خۆپیشاندەران ببنە گاڵتەجار و مەزەی حاکیمان و هیچ شتێك لە دەخەکە نەگەیێت.
بەڵێ دەبێت خۆپیشاندان نامەدەنییانە بێت، بە ئەوەی کەتایی بە هەموو سیمای نامەدەنی و وەحشیگەریی دەسەڵاتداران بهێنێت و ژیانی مەدەنی بە هەموو کەمەگا و زیندەوەر و بەگیانان بگەڕێتەوە.

مردن بە بە وەسێت چەند وشەیەك بە مەرگی (تۆها و ئومێد و هاوڕێ) … کارا فاتیح

وەسێت دوا پەیقی مرۆڤ بە ژیان، بەڵام ئەم مەرگە دوا پەیڤمان ناداتێ، نەك تەنها بە ئەوەی بە هەمیشە بەوا بە ووودانی نەکەین، بە ئەوەیش هەمیشە گومانێك هەبێت لە ژیاندا دەنگی ئەوان ببیستێت.

وەستێت پێچانەوەی بارگەوبنەیە لە ژیان و بە ناچاری زیشتنە بەرەو پیری مەرگ، بەڵام ئەمان بارگەوبنە ناپێچنەوە و بە وەستێت دەبەن، چونکە نایانەوێت سینەما و ئەکادیمیا بە جێ بهێڵن و لە داهێنان و تەمارکردنی چرکەکانی ژیان بوەستن.

وەستێت ناکەن و دەبەن، چونکە ناتوانرێت خاڵی کۆتایی بە ژیانی ئەمان دابنرێت، ئەمان لە ناو هونەر و داهێنان و سەرکەشیەکاندا دەژین، نەک لە ناو تەقلیدیەت و نەتینی کەمایەتی و بەهای باو. وەستێت ناکەن و دەبەن، نایانەوێت وەک دیاردەیەکی بایەلۆجی و فیزیکی مانا وەربگرن، بەکو وەک فیکر و ئەندیشە و بیرکردنەوە نەنگ دەگرن.

وەستێت ناکەن و دەبەن، چونکە ناخوازن داوایەکیان لەوانی دوای خۆیان هەبێت بە ئەوی شتێک بکەن یان نەچکەیەک بگرن، چونکە باوەیان بەوە نیە ئەو هووبارە جێ بهێڵن کە تێیدا کار دەکەن و سەبری داهێنانیان بە سەر ئەو هووبرانەوە هەر دەم دەمێنێت.

دوا جار ئەوە ئەمەین کە دیسان نابێت وەستیان بە دروست بکەین.

ئاسیاسێ کەمان دەکاتەوە ... کارا فاتیح

ئاسیاسێ کەمان دەکاتەوە… چەن کەمان دەکاتەوە، یان بە دەبێت، ئاسیاسێ کەمان بکاتەوە، لە کاتکدا خەمان (ناتوانین، نامانەوێت، نازانین، ناهەبن، سەرناپەرژێین یان بواریان بە نەهێشتووین) کە ببینەوە، کەواتە ئاسیاسێ لە ئاستکی شاراوەدا دەبێت، دوور بکەونەوە، هەر زەر دوور بکەونەوە، بە خەم بن لە نەگی تەکەی منەوە پێك دەگەنەوە.
بەڵام چەن پێك دەگەینەوە، (دەقیقەیەك بە 60 دینار) لەرەوە هەموو پێوەندیەك بە جیا لەوی لە ئاستکی مەعنەویەوە دێتە سەر ئاستکی مادی، هاوکات هەموو پێوندیە زیندوەکانی مرۆڤبوون بە کەمێك تەلەفۆنی پۆیست و هەواڵپرسی و هەواڵزانین کورت دەکاتەوە، قورسایی هەستکردن بە بایخی مەعنەویی مرۆڤ دەهێنێت

سەر کورتەنامەیەك یان خەبەر و مەوعیدەك (بە گومان ئەوەش لە ئاستێکی زەر کەم و سنووردارداە، بە هەی ئەوە هەموو چرکەیەك نرخێکی مادیی هەیە)
بەیە مژدەکەی ئاسیاسەە (ئاسیاسەە کەمان دەکاتەوە) ەاستیەکەی تاڵی تەدایە، ئەمە هەندە دوور کەوتووینەتەوە، لە خەسەەتێکی (هاودەردی، بەهاناوەچوون، تەگبیرکردن، ەاوڕکردن، پەویستی، کەیف و سەرگەرمی...هتد) شەراوینەتەوە، ئەوەش بەەنێی بەیەکگەیشتمان پەدەدا، بە نرخێکی مادیی زەر و لە ئاستێکی سنووردار و لە چوارچێوەی خەبەر و پەویستیەکی ناچاریدا ئەومان بە دەکات.

ئاسیاسەە کەمان دەکاتەوە، واتە خەمان با هەر دوور بین، زیاتریش دوور بکەوینەوە، بە ئەوەی بە تەواوی لە خەسەەتی مرۆڤبوون بکەوین، ئیتر بە کەکی توندوتەیی کەمەایەتی و ەەکخستنی سیاسی نەیین، نەبینە مەترسیی بە سەر فەرمانەەوایان ئەوانەی نرخ لە بچووکترین پەیوەندیی مرۆڤایەتیی دادەنێت...
ئاسیاسەە کەمان دەکاتەوە...
وشەیەك لەم ەیکلامەدا پەەیەوە: پارە (ئاسیاسەە پارەکانمان کە دەکاتەوە)، بەەام نەك لەبەر ئەوەی بیریان چووبێت، بەەکو هەندە ئامانجێکی مەزنە، بە نەنووسینیشی هەر بە زەقی دەبینرێت...(بە گومان ئاسیاسەە تەنها وەك نموونە و بە کەمپانیاکانی تریش هەمان قسە)

چەلەکانی بەهەشت بە ئەوەندە ناشیرینن ... کارا فاتیح

دەەن منداەان بەو پەیەی گوناهیان نییە، تاوانێکیان نەکردوە، ئەوان دەبنە چەلەکەی بەهەشت و لە سەر لقی درەختەکانی فیردەوس چاوچە دەکەن، ئەم بەچوونە لە سەر منداە، تا سەر ئەسك نامرەیی و دژ بە منداەە و ئەخلاقی مرۆڤانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەویش بەوەی وەنەی مردنی منداە ناشیرین دەکات، لە لایەك شیوەنێك بەرپا دەکات، کە ئەو سەری دیار نەبێت لەبەر هەەوەستی ەووتی سەزگەرا و پەرچەکرداری ەەمانسیانە، تا دەگاتە هەرەس و هەەچوونی ناعەقڵانی و دەروونی، لە لایەکی تر لافاوی شین و فووغان بەوە دادەمرکێنێتەوە

و سەبووریی بە دە دا دەهێنێت، کە ئەوان دەبنە چەکێکی بەهێشت، لە سەر خونچەی گوڵ و گوڵزاری باخی ئیرەم دەنیشنەوە، ئەوە ناخی بەکوڵ و جەرگی داغبووە تەسکین دەدات، کە ئەوان بە هەمیشە لە میوەی ئەفسانەیی بەهێشت دەخۆن، لە ئاوی حەیات دەنۆشن.

نامرۆیی و ناعەقڵانیی ئەم بڕوایە لەوە دایە، مردن وەک مەزنترین ڕووداوی ژیان دەکاتە پرسیارێکی هێندە پاسیف و نابەرهەمهێن، کە تەنها چەند هەڵوێستێکی عاتیفی و دەربڕینی ڕەمانسیانەی لە سەوز بێت. ئەکتیڤیی ڕووداوی مردن ئەوەیە، کە کاریگەرییەکانی تەنها پەرچەکرداری لە وێنەی هەنهێن گریان و شیعری خەمناک و گەرانیی شیۆنئاسا و ئەدەبی ماتەمینی نەبێت، بەڵکو ئەو کاریگەرییانە لە سەر ویژدان و خەون و دونیابینی شوێنیان هەبێت. ئەوانەی مردن پاسیف دەکەن، ناڕاستەوخۆ پەیامەك دەنێرن، با ئەم مردنە بەردەوام بێت، با بەمبەکانی کیمیایی بەربدرێنەوە، با ئەنفال دوایی نەیێت، با قوڕی مەرگساتی کێچ و ئاوارەیی خەستتر ببێتەوە، با ئالان بخنکێت، گرینگ ئەوەیە من مەستی شین و فووغانی خەم، پیاوی هەڵوەستی ڕەمانسی بم، ئیلهامی شیعرم نوێ ببێتەوە، گەرانیم بەسەزتر، سوێ بخەمە هەناوی ئەوانی ترەوە، ئەمەیش هیچ نییە جگە لە بەشداریەك لەو تاوانە دا، ئەمە کەرسەکە لە بکوژ و تاوانبار، کە لە پشت بەرپرسی یەکەمی تاوانە وەستاوە و دەیەوێت کارەکەی بە تەواو بکات... ئەمانیش بە شێوەیەکی تر بکوژن.

منداڵەك لە غەریبی دەمرێت، وێنەکەی جیهان دەهەژێنێت، بیر لە پەداچوونەوە بە ویژدان و ئەخلاق دا ناکرێتەوە و دەستکاریی هەستی ئیستاتیکی ناکرێت و لەم وێنەیەوە جەڕەك تر لە، بە نموونە (تریفەی مانگ، پرشنگی هەتاو، نەشئەی شەوان، نەسیمی دەریا، شەپۆلی دەفڕێن... هتد) ناوانرێت، ئەوانەی لای ئەمە ئەم وێنەیە دەبینن، ناتوانن قەشەنگیی بیرۆکەیەکان تەك بدەنەوە، شاجوانی یادەوەرییەکان بهێننە خوار و فریشتەی خیاڵەکان ئاسایی بکەینەوە. سەر لە نوێ وێنەی ئالان دەبێتە هەی ڕەنگکردن و زیندووکردنەوە و چالاککردنەوەی هەموو ئەو وێنانە و جارێکی لە پانتاییی هونەر و ئەدەب و هەڵوەستی مرۆیی و ویژدانی دا ڕەنگ دەبینەوە، جارێك وێنەی ئالان کەپە دەدا بە گەی خامۆشی سەز و هەڵوەستی عاتیفی توند دەکاتەوە، جارێکی تر بە بیانووی بگوونامی و ئاوەڵایی دەروازەی بەهەشت بە ئالان و ئەوانی تر، ئەم ڕووداوە و ئەم کاراکتەرە گرینگە، قورستر و تراژیدیتر لە ڕووداوی خنکان، بە مەرگ دەسپەررێت و خەون و پرسیاری ئالان، کە دەبوو لە ویژدانی هەموومان دا تا

ئەبەد بژین، بەم هەمانسیەتە لە هەوەستە و غەیبانیەتە لە بیرکردنەوە دەکوژرێ و هەرگیز بە جیدی دەنگی ئالان لە ناخ و گرووی ئەمەوە بەرز نابێتەوە بۆ (خودایە، جەنگاوەرکانت بە وا دەکەن؟)

بیری مارکس دەکەم … کارا فاتیح

1- مارکس دەیگووت: لە بنچینەدا پەیوەندیە مادیالیەکانی ناو کۆمەڵگا، شێوەی بیرکردنەوەمان دیاری دەکەن، ئەو پێی وا بوو ئەو پەیوەندیە مادیالیانەش هێزی سەرکیان لە گۆڕکردنی مێژوو دا هەیە.

ئێستا دەبینم پەیوەندیە مادیالیەکانی کۆمەڵگای کوردی، خەرسك نیین، چالاکیی ناوکیان سستە، ئاراستەکراون، دواکەوتوون، لە بەر ئەوە بیرکردنەوەمان، لە پاش، کۆ، وەرانە و، لە ئاست واقیعە جیاجیاکاندا بەزیوە.
2- مارکس دەیگووت: گۆڕانکاریە مادیالیەکان، پەیوەندیە هێزیەکان بەرەو دۆخی تر و ئاستی تر دەبەن.

ئێستا دەبینین لە بەر ئەوەی گۆڕانکاریە مادیالیەکانی ئەم، ناتەندروست، ساختە، نازانستی و نامرۆیی بوون، بۆیە پەیوەندیە هێزیەکانمان، بیمار، ماندوو، بەرەو ئەو دۆخەن هەپروون بە هەپروون بن.

3- مارکس دەیگووت: سەرخانی کۆمەڵگا، هێنگدانەوەی ژێرخانەکەیەتی. ئەو بە پەیوەندیە مادیالی و ئابووریەکانی دەگووت ژێرخانی کۆمەڵگا، جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤی لە یاسا و ئایین و مۆراڵ و هونەر و فەلسەفە و زانست.. هتد بە سەرخانی کۆمەڵگای دانا بوو، مارکس پێی وابوو پەیوەندیە مادیالیەکان بیرکردنەوەی کۆمەڵگایان لە سەر بونیاد نراوە.

ئێستا سەرخانی ئەمەی کورد، لە وێنە ئایین، هونەر، فەلسەفە، زانست، مۆراڵ، ئەدەب… هتد، شڵ و ئیفلیج و نابینایە، بۆیە مارکس هاست نەکات، ئاویش بە ئەو ژێرخانە ئیفلیج و نابینایە نەگۆڕتەوە کە گوزارشتە لە پەیوەندیە مادیالی و ئابووریەکانی ئەم.

4- ماركس دەيگووت: شۆوازى بەرهەمهێنانى كۆمەڵگا، شێوەى بيركردنەوەى سياسى ئايدیۆلۆژيى ئەو كۆمەڵگايە ديارى دەكات.

ناهەق نييە بيركردنەوەى سياسى و ئايدیۆلۆژيى ئەمە هێندە دەردەدار، باشە كوا شۆوازى بەرهەمهێنان لە كۆمەڵگاى ئەمدا.

5- ماركس دەيگووت: بۆرژوازى چينى دەسەڵاتدارى كۆمەڵگا پۆرەكانى مراۆ دەستنيشان دەكات، چونكە پێكهاتەى مۆزوو ململانێى چينەكانە، لەم مۆزوە دا دەسەڵاتدار خاوەنى ئامرى بەرهەمهێنانە.

باشە ئەوە نييە هەموومان حەزمان لە شێوەى ژيان و حەزى دەركەوتن و گەندەڵى و زوو دەوڵەمەندبوون و قسەكردن و خۆگۆڕين و قۆللا و سەيارەكانى چينى دەسەڵاتدارانە.

6- ماركس دەيگووت: شێوەى كار لە سەر ئاگايى كاريگەرى هەيە و ئاگاييش ڕەنگدانەوەى خۆى لە سەر شێوەى كار هەيە.
بەڵام ئەوەتا ئەمە بە پۆرى سەعاتى دەوامكردنەكانمان نا، بەڵكو بە پۆرى بەرهەم تەواو تەواو بێكارين، بێكارييەن بێيە ئاگاييمان وە و تەمبەڵ بوە. ماركس ئەوەى لە هيگڵەوە وەرگرتبوو، كە كاركردن بە هەموو نايەكسانييەكانييشەوە هەر پێزەتيڤە، چونكە بوونى مرۆڤى لە سەر بێندە، ئەوەتا ئەمەيش لەم بێكارييە (بە بەرهەمييە) دا دوور نييە بڵێين بوونمان وەك مرۆڤ لە قەيران\ مەترسييدايە.

7- ماركس دەيگووت: لە كۆمەڵگاى سەرمايەداريدا كرێكار بە خۆى كار ناكات، واتە كارێكى دەبەتە شتێك كە لە دەرەوەى حەز و ويست و خۆون و ئامانجى خۆى، ئەمەيشى بە تەعبيرى هيگڵى بە نامەبوون لە كار تەفسير دەكرد، كە دەبوە هۆى نامەبوونى كرێكار لە خۆيشى و هەقيقەتى مرۆڤ بوونى خۆى دەكەوتە ژێر پرسيارەوە.
ئەوا دەبينين ئەمەيش بە خۆمان كار\دەوام ناكەين، حەز و ويست و خۆون و ئامانجمان لە پرەسيسى كار\دەوام دا ناخەينە گەڕ، ئەمەيش بە فەربوون لە ماركس و بە تەعبيرى هيگڵى بە كار\دەوام نامەين و ئەم نامەبوونەيش لە خۆمان نامۆمان دەكات و لەوەيشەوە ئەستا هەقيقەتى مرۆڤ بوونيشمان لە ژێر پرسياردايە…

قەیرانی دارایی، یان بازی گۆڕ بە دووركەوتنەی چینەكان … كارا فاتیح

زۆر جار دەیانەوێت، وەك موتەقەك ئەو بخەنە مێشكی هەموامانەوە، گوایە ئەوەی ئێستا هەیە، قەیرانی دارایییە، لە ڕاستییدا ئەگەر شتێك هەبێت ناوی قەیرانی دارایی بێت، لەم دوو ساڵەوە دەست پێ ناكات، بەڵكو سەرتاپای تەمەنی ئەم حاكمانەی ئێستا، هەمووی هەر قەیرانی دارایی بوە، لە هەموو ساڵ و سەردەمێ زیندەكانی ئەم دەسەڵاتەدا، هیچ كات كاری شایستە بە ئاسانی دەست نەكەوتوە، هیچ كات دامەزراندن ئاسان نەبوە، هیچ كات هیچ خزانێك بە تەنها مووچە و تەنانەت دوانیش ژیانێكی شایستە نەژیاوە و، هیچ كات هەكارەكانی خۆشگوزەرانی و سەفەر و چارەسەری نەخۆشی و … ئاسان و بەردەست و نەبوون و، بە ئەوەی نانبەاو نەبیت، دەبێت سەركز كاری خۆت بكەیت، گوێ بەو هەموو ناداییەی ئەو شوێنە نەدەیت كە كاری تێدا دەكەیت و هتد…، بەیە ئەوەی وامان تێدەگەیەنێت قەیرانی دارایی هەر ئەم دوو ساڵە هەبوە و دەستی پێ كردوە و پێشتر خەڵك وەزعی باش بوە، لە ڕاستیدا یان درێ دەكات، یان زەینی كوێرە و هیچ نابینێ و هیچی بیر نایەت.

ئەگەر تەنها حاكمان بەڵێن قەیرانەكە دوو ساڵە دەستی پێ كردوە، ئەوە كێشە نییە و وەك هەموو قسەكانی تریان دەیانەوێت بە پاساو و درێ و پینێ و هەڵخەڵەتاندن كاری خەیان بەڵێ بكەن، بەڵام ئەگەر خەڵك و قوربانییانی ئەم دەخە وا بەڵێن، ئەمەیان كێشەیە، چونكە مایەی داخە، كە ئەوان نەك هەندێ چاوكز بەڵكو دیدەكوێرن، نابینن هێشتا لەم دەخەدا دەسەڵاتداران بازرگانیی خەیان هەر گەرمە و ئیشوكار و خۆشگوزەرانییان هەر لە حاڵەتی ئاسایی خەیدایە، كەناڵی ئاسمانی بە كوالیتیی بەرز دەكەنەوە، لای ئەوان هەر وەك جاران هیچ خەبەر نییە و سەپەرماركێت و باخانەی قەشەنگ دەكرێتەوە و كارەكردن لە پرۆژەكانیان بە چركەیش ڕاناوەستێت، لە ئاستی سیاسییشدا، لە مامەڵەی شەیتانی نەكەوتوون و قومار لە سەر چارەنووسی خەڵك دەكەن و ڕەق و شەڵی ڕاگەیاندن و سیاسەتی ناعەقڵانی و تەنانەت كەمیدییش بەڕەو دەبەن، بەیە بە ئەوەی پەوست بكات بەڵێین، كە و بەچی ئەم دەخەی خوەقاندوە، بە دووەڵی پەویستە، وا لەم قەناغە تە بگەین، كە جیا لە قەیرانە هەمیشەییەكەی دارایی

ئەوەی هەیە، بازی گەورەیە بە دووركەوتنەی چینەكان، بە هەڵتەكاندنی ئەو چینەی كە هەر هەژار بوو، بەڵام بە درێ خەی ناو نابوو چینی ناوەڕاست، هەر دەستكورت و نەبوو بوو، بەڵام بە سەیارەیەك و كەمپەنیاكان خەی هەڵخەڵتاندوبوو، بە ئاگا لەوەی كە ئەو كەمپەنیا نمایشییەی سەرمایەداریی دروستی كردوە و هەموو تاكەكی كەمپەنیای تەنها لە سەر گەڕینی مەدەلات ئاهەناوە، كەمپەنیایەكی مەگەلییە و بە قازانجی خەی دروستی كردوە، ئەوەی ئەمڕۆ هەیە بیرخستنەوەیەكی بەرپرسانی سەرمایەدارە بە ئەو چینەی بە حیسابی خەی بە كار و مووچەیەكەوە خەش دەژی و خانووی هەیە و سەیارەی پێیە و سەفەری وڵاتان دەكات و جلی جوان دەكاتە بەر منداڵەكانی و لە خواردنی خەش كەمی نییە، ئەوە زەنگەكی سەرمایەداریە بە ئەوان، كە پێیان بڵێن، ئەمە بە مونافەسە و قازانجی كەمپانیاكانمان سەیارەمان بەسەردا ساغ كردیتەوە، بە هەمیشە كردمانیت بە خزمەتكاری خەمان، نەك وا هەست بكەیت سەیارە خزمەتت دەكات و پێت وابێت بە ئاسانی بەنزینت دەست دەكەوێت و بە ئاسوودەیی لەی دەخوەیت، سەرمایەداران دەڵێن، ئەمە تەنها خانوو یان شووقەیەكی پڕپووت و ناجائیزت بە بازووی خێت و بە هەنج و عارەقی هەموو تەمەنت پێ هەوا دەبینین، نەكەی بیر لەوە بكەیتەوە، پەی گەاوی خێت بخەیتە گوندی ئەمانی و ئیتالی و ئینگلیزی و خەیاڵی ئەوە بكەیت، دەبیتە خاوەنی ڤێللا و باخی وەك ئەوانەی ئەمە، ئەمە وەك مەگەل و بە قازانجی كەمپانیاكانی خەمان، بە ئەوەی هەمیشە و زوو زوو گیرفانت سفربێتەوە، بە یەنان و دوبەی و قوبرس و بەیرووت و تورکیا و جەرجیا و... هتد، مان هەوانە كردیت و چەند دیمەنەكەی ئەو وڵاتانەمان پیشان دایت، نەكەیت بە گەمژەییەكەی خێت وا بزانی، گەشت و گەڕانت كردوە و لەزەتی بینینی دونیات تاقی كردوەتەوە، ئەمە تەنها بە قازانج و جوانكردنی سیستمەكەی خەمان، قوتابخانە و خەستەخانەمان داناوە، نەكەی تەی پوسوپڕخە، تەوخنی قوتابخانە و خەستەخانە تایبەتەكانی ئەمە بكەویت...هتد، بە كورتی ئەوان بە چینی بەناو ناوەڕاست دەڵێن، ئەوەندە لە خێت بگەڕێ و ئەوەندە خێت مەناسەرەوە، تا تەنها خزمەتكاری سیستم و تەماحكانی ئەمە بیت، لەوەو دوا ستوپ.

ئەم دەخەی ئەستا هەیە قەیرانی دارایی نییە، قەیرانی دارایی لە ژێر سایەی ئەم بەرپرسە تازەپیاكەتە و سەرمایەدارانە ئەزەلی و لەگەڵ تەمەنیاندا ئەبەدییە، ئەم دەخە تەنها بازەكی گەورەیە بە دووركەوتنەوەی چینەكان، فەقیركەوتنی هەژارەكان تا سنووری خەكوشتن و لە برسا مردن، دەوڵەمەندبوونی سەرمایەداران تا سنووری بوون بە خاوەنی چەكە جیهانییەكان.

ئایا ناکرێت ئاپۆیین وەک مۆزوویەکی دزێو نیشان بدرێین؟ … کارا فاتیح

دەستاتی کوردی هاوشێوەی هەر دەستاتێکی ستەمگەر، کەمتاک ئەفسانەی موقەدەسی هەیە کە لە سەری دژی: خوێنی شەهید، جەنگ و ئاپۆین، بەنەی دینی و نەتەوەیی و ئیکخراوەیی و هتد، کە زوو زوو دەیانهێنێتەوە سەر شانەی کەمایەتی و دەیانکاتە ماسکێک بۆ جوان نواندنی خۆی و درێژکردنەوەی تەمەنی، کاری جیدی و کاریگەر بۆ لێدان لە دەستات، لێدانە لە موقەدەساتی، نەک نواندنی دەستزیی فرێتر لە دەستاتداران بۆ ئەو موقەدەساتە، تێگەیشتن لە هەیکەش زێر ساکارە، چونکە ئەو ئاپۆین وەک دەلاقەیەک بۆ ژگاری پێناس دێکات و ئەوەمان بیر دەباتەوە، کە ئێستا لە چ کەیلەیەتیەکدا دژین، وەهمی ئەوەی ئاپۆین ئێژکی پرشنگداری مۆزوومانە، نایەوێت قەناعەت بوو بهێنین، کە ئەمە ئێستا لە چ شەوزەنگێکدا دژین، ئەوانەی دەڵێن ئاپۆین خاڵی وەرچەخان بوو، دەیانوێن ئەو لەو بگرن، ئەم دەخێی ئێستا وەرچەخەت، ئاپۆین نە دەلاقەیەک بوو بۆ ژگاری و نە ئێژکی پرشنگداری مۆزوومانە و نە خاڵی وەرچەرخان، ئاستە خوونکی گەورەی جماوەری بوو بۆ ئازادی، بەڵام هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم خوونە جماوەرییە لە گەڵ نرا، ئەویش بەوەی تەنها سیمای کەمتاک ستەمگەر گۆڕا، نەک تەواوی سیستەمکە، ئێژگاری دوای ئاپۆین هەر بۆ زووی دەروازەکانی خۆشگوزەرانی لە سەر خاک داخست و تەنها دەرگای قاچاخچێ و مەرگ و سەفەری بۆ خستنە سەر پشت، دونیای تازەی دوای ئاپۆین بۆ زوویی ئالوودەی ژن کوشتن بوو، سەرهەڵدانی ئیسلامیی تونڕەو، هەڵبژاردنی تەڵهات و ساختە، هەڵتەکاندنی کشتوکاڵ، بۆ مۆگەلکردنی خاک و چاولەدەستیی حیزب بۆ مووچە و ئیمتیاز، بۆ بەهاکردنی خوێندن و تاقەی گەنج و نەوەی نوێ، شەڕی ناوخۆ و بۆ میلیشیاکردنی کەمەگا و هێنانی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و ئاوارەکردنی سەدان هەزار کەس لە دەست و دیاریەکانی سەردەمی دوای ئاپۆین بوون، کەچی دەستات و خاکانی بۆ ئاگا هێشتا سوورن لە سەر ئەوەی بەن ئاپۆین دەلاقەی ژگاری

بوو بۆ کورد.
کە هیچ خۆنکی خۆك لە دوای ئاپۆین نەهاتبێتە دی، کە دونیای دوای ئاپۆین پێبوو بێت لە وەحشیگەری و ژنکوشتن و دڕپاندنی سەدان هەزار گەنج و هەڵتەکاندنی بنەمای ئابووری و شۆڕش و ژیانی ناشایستە، لەم لایشەوە کۆمەڵك مافیا و چەتە هەر لە سەرتاکانەوە کۆتبێتنە تاڵانی و خەدوومەندکردنی نائاسایی و گەیاندنی زوڵم و نادادپەروەری و بێ ئاستی ترسناك و ئەجگار بەرز، ئیتر پێویستە سەلەوە نکۆینەوە بێین، کە ئاپۆین نك هەر لە ڕۆژە پیرۆزکانی مژوومان نییە، بەڵکو لە ڕۆژە دزەوکانە و تێیدا بێ ناهەشیاری لەشاوەك خونمان بۆ فیێ دا بێ لابردنی کۆمەڵك ستەمگەر بێ کۆمەڵکی تر، کە بێ هەموو ئامار و پێوانەیەك، ئەگەر زوڵم و نادادییەکانی ئەمانی دوای ئاپۆین زەرتر نێبن لەوانەی پێش ئاپۆین، ئەوا کەمتر نییە، هەندێ نێبت ئەو حیزبی بەعس بوو، ئەو مافیای کوردی.
دێبت ئاپۆین لە پیرۆزی بخرێت، بێ ئەوەی دونیای دوای ئاپۆین هەندێ درۆژە نکۆشت و ئاپۆینی تر ڕوو بدات، دێبت بزانین ئاپۆین ڕۆژکی پرشنگدار نێبوو، بێ ئەوەی هەشیار بین لەوەی ئەمە لە چ شۆڕشنگێکدا دژین، پێویستمان بێ پرشنگی ئاپۆینی تر هەیە، لێدان لە دەسەاتی ستەمگەری ئەستا، بێ دەستبردن بێ کۆکەکانی دێبێت، کە یەك لەوان ئاپۆینێ و تا ئەستا بەهەیەوە شەرعیێت بێ خەی دەدات و تەمانی خەی درژ دەکاتەوە.